گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕووداوەکانی فەرەنسا لەساڵی 1968

**د. فتاح بهرام خضر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
fatah.khdir@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/٥
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان.**
*Events, Demonstration, Slogan, Student, Worker*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.7

## پوختە

ڕووداوەکانی ساڵی 1968 بەشێکی گرنگی مێژووی فەرنسا پێك دەهێنن ، نمایشکردنی وێنەیەکی جوانی خەباتی مەدەنییە لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ، ڕووداوەکان لەسەرەتا بە خۆپشاندانی قوتابیانی زانکۆی پاریس دەستی پێکرد و دوای بڵاوبوونەوەی چین و توێژەکانی وەك کرێکاران و ئافرەتانیش هاتنە ریزی خۆپیشاندەرانەوە ، ئەوانیش داواکاری خۆیان هەبوو، بەرژەوەندی هاوبەش هەموویانی لەشەقامەکان کۆکردەوە ، کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی پاڵنەری خۆپیشاندەران بوون کە لەم توێژینەوەیە خراوەتە ڕوو ، هەروەها لەچەند باسێکی دیکە شەن و کەوی چەند لایەنێکی دیکەی وەك هەڵومەرجی ڕووداوەکان و هەلوێستی حکومەت ، دروشمەکانی خۆپیشاندەران کراوە کە بەو هۆیەوە دەکرێت خوێندنەوەمان بۆ دۆخی ئەوکاتی فەرەنسا هەبێت ، ڕووداوەکان نمونەیەکی زیندوون بۆ باسکردنی رۆڵی زانکۆ لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان.
کلیلە وشە : فەرەنسا ،خۆپیشاندان ،دروشم ، قوتابی ، کرێکار

## پێشەکی :

ڕووداوەکانی ئایاری (١٩٦٨) وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەشێکە لەو مێژووەی کە فەرەنسای زیاتر بەناوەندی گۆڕانکارییەکان ناساند ، چونکە ئەو هزرەی کە خۆپیشاندەرانی پاریس کردیانە دروشمی سەرەکیان گوزارشتی لە خواستی زۆربەی دانیشتوانی فەرەنسا دەکرد، ئەمەش وایکردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە هەرکاتێک باس لە بزووتنەوە مێژووییەکان بکرێت، بە بایەخەوە تیشک بخرێتە سەر ئەم بزاڤە، لە بەرئەوەی پەیامە هزریەکەی پاریس نەك تەنیا لە ناوەچەکە بەڵکو وەک پەتایەکی فیکری سەرتاپای ئەوروپای گرتۆتەوە ، دەسەڵاتدرانی سیاسی ناچارکرد لەخەوی سەرکوتکردن و پشتگوێخستن بە ئاگابهێنێتەوە، ئەوەی وایکردوە ئەم بزاڤە بکەوێتە ناو ڕووداوەکانی مێژووەوە بەژداریکردنی بیرمەندانە لە ناو گەرمەی ڕووداوەکان، ئەوان هێندەی دیکە ئاوی گۆمەکەیان شلەقاند رەخنەیان لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و کولتورە چەق بەستوەکانی گرتووە.

ئەم لێکۆلینەوەیە چەند تەوەرەیەك لەخۆ دەگرێت ، لە تویژراوی یەکەم باس لە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی سالی 1968 کراوە بە دوو داخاز (سەرەباس) شەن و کەوی هۆکارە ناوخۆی و دەرەکیەکانی ڕووداوەکان کراوە ، لەتەوەرەی دووەم سەرنج خراوەتە سەر هەلومەرجی خۆپیشاندانەکان و هەڵوێستی حکومەت ، تەوەرە سێیەم تایبەتە بە دروشمەکانی بزاوتەکە، کە گوزارشتیان لە خواستەکانی خۆپیشاندەران کردووە ، لە دوا توێژراو باس لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە کراوە کە لەدوای خۆپیشانانەکان هاتونەتە ئاراوە لەبەرئەوەش هەندێ لە سەرچاوەکان ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بە قۆناغێکی وەرچەرخان لە مێژووی فەرنسا دەزانن و زاراوەکانی فەرنسای پێش ڕووداوەکان و فەرنسای دوای ڕووداوەکانی ئایاری 1968 بەکاردەهێنن .

بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی زانستی لێکۆلینەوەکە سود لە رێبازی (شیکاری –کرۆنۆلۆژی) وەرگیراوە ،تویژەر هەولێداوە شیکاری مێژوویی بۆ بارودۆخی فەرنسا بکات و کرۆنۆلۆژیانە ڕووداوەکان بخاتە روو .

ئاشکرایە توێژینەوە لەبارەی مێژووی ئەوروپا بەگشتی و فەرنسا بەتایبەت ئاستەنگی زۆریان تێدایە ، یەکەمیان ئەو سەرچاوانەی بەزمانی کوردی نووسراون و تایبەتن بە بابەتەکە جگە لەوەی دەستکەوتنیان ئاسان نیە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەرن هەروەها بۆ ئەوەی خوێندنەوەی تایبەتیمان بۆ ڕووداوەکان هەبێت پێویست بوو سەرچاوە بە زمانە بیانیەکان بەتایبەت زمانی فەرەنسی ببینن ، گرفتی زمان و دەستڕانەگەیشتن بە کتبێخانەو ناوەندە زانستیەکانی ولاتانی دەرەوە دوو ئاستنگی دیکە بوون لەبەردەم تویژەر رەنگە ئەگەر دەرفەت برەخسایە ئارستەی تویژینەوەکە بەئاقارێکی دیکە ببردایە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون جۆراوجۆرو فرەزمانن هەولمانداوە سوود لە سەرچاوە فەرەنسیەکان وەك کتێبی (João Sérgio de Pina Carvalho Sousa ) بەناونیشانی (La crise de Mai 68 en Franc )وەربگرین کە نووسەر بە شێوەیەکی ورد و زانستی لەپاڵ باسکردنی رووداوەکان سەرنج و تێبینەبکانی خۆی خستۆتە ڕوو هەروەها کتێبی (Charles Diaz) بە ناونیشانی ( Mémoires de police dans la tourmente de mai 68 )ئەوەی ئەم سەرچاوەیە جیادەکاتەوە لە سەرچاوەکانی دیکە ئەوەیە دانەر رووداوەکان لەسەر زاری خۆپیشاندەران دەگێریتەوە ، هەروەها ژمارەیەك کتێبی کوردیش بەکارهاتوون بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی بە زمانە بیانیەکان نووسراون وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی بۆ نمونە کتێبی (شۆرشی خوێندکارانی٦٨ )کە ئاماژە بە ناوی دانەری بەرهەمەکە نەکراوەو لە وەرگێرانی (شوان ئەحمەد)و هەروەها کتێبی ( کرۆنۆلۆژیای رووداوەکانی سالی 1968) کە ئاماژە بە ناوی نووسەرو وەرگێرەکەی نەکراوە ،جگە لەم سەرچاوانە توێژەر هەولیداوە سود لە بڵاوکراوەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان ببینێ بەتایبەت گۆڤارەکانی ( سەردەم ) و ( کۆمەڵناس ) هەرچەند ئەوان لە گۆشەیەی کۆمەلناسیەوە تیشکیان خستۆتە سەر رووداەکان .

## تەوەرەی یەکەم : هۆکارەکانی رووداوەکان:

بێگومان چەند هۆکارێك رۆڵیان هەبووە لەسەرهەڵدانی رووداوەکانی ساڵی 1968 لە فەرنسا کە دابەش دەبن بۆ :

### أ-هۆکارە ناوخۆییەکان:

گرنگیدان بە خوێندن و پەروەردە مێژوویکی کۆنی هەیە و بەڵام ئەوەی بۆتە جێگای سەرنج ئەوەیە لەسەردەمی شۆرشی فەرەنسیەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردە بەدی ناکرێت ، لەبەشێك لەو ماوەیە قۆناغەکانی خوێندن بەگشتی بەو شێوەیە دابەش بووە ، خوێندنی سەرەتایی پێی دەوترا بەکالۆریا (Baccalaureat )وە خوێندنی ناوەندی کە پێی دەوترا لیسی (Lycee ) ، لەپاڵ ئەوانەش خوێندنی پیشەیی و زانکۆ هەبوون،( Hamilton,1968, p233 ) بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە زۆربەی فێرخوازان لە دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی درێژەیان بە خوێندن نەداوە ،بەهۆی زاڵبوونی جیاوازی چینایەتی و گەشەکردنی هەستی بێ ئومێدی لە نێو توێژی گەنجان ،بەشێك لە قوتابیان پێیان وابوو درێژەدان بە خوێندن هیچ لە ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیان ناگۆڕێت (جابرییل ایە ، الموند جی ، ١٩٩٨، ص347) هەروەک (پییەر بۆردیۆ) لە کتێبەکەیدا (میراتگری) نووسیویەتی **"ئەوانەی هەژارن بەدبەختیان وەک میرات بۆ جێ دەمێنێت و جیاوازن لەوانەی سەروەت و سامان و ژیانێکی پڕخۆشی و نۆشیان بە نسیب دەبێت"** لەپاڵ ئەوەش بەهۆی زالبونی جیاوازی چینایەتی ، زۆربەی کورسییەکانی خوێندن بۆ ئەو کەسان بوو کە سەر بە چینی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووەکان بوون،(حەمە ، ٢٠١١،ل ٧٠) منداڵانی چینی هەژار و چینی ناوەند بەشێکی کەم لە ناوەندەکانی خوێندن وەردەگیران و ئەوانەی بەشداریش دەبوون ڕێژەکەیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژلە کەمبوونەوەدابوو ( Hamilton,1968, p233 ؛ کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٤٩).

جێگای باسە حکومەت زۆرترین پارەی بۆ ئەو زانکۆیانە تەرخا نکردوە کە خوێندکارەکانی زیاتر لە چینی دەوڵەمەند و خانەدانەکان و دەستەلاتدارەکان بوو ، تاکو بەوهۆیەوە ببنە کادیری دەوڵەت و کاروباری دامودەزگاکان بەڕێوەببەن، لەبەرامبەردا زانکۆ ئاساییەکان فەرامۆشکرابوون ،ئەمەش وایکرد زۆربەی ئەوانی دەبوونە خاوەن بڕوانامەی باڵا لە چینی دەوڵەمەندەکان بوون، (LEFEBVRE,1998,p112 )گەورە دیبلۆماتکاران وگەورە فەرمانبەرانی وڵات زۆربەیان لە بنەماڵە دەست ڕۆیشتووەکانی فەرەنسا بوون(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٥).

لەسەردەمی کۆماری پێنجەم (شارل دیگۆل)[1]ی سەرۆکی فەرەنسا هەندێ گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەدەکرد بەشێوەک ئاسانکاری زیاتر کرا بۆ خانەوادە هەژارەکان و چینی ناوەند کرا تا منداڵەکانیان درێژە بە خوێندن بدەن ، ژمارەیەك کورسیان لە زانکۆکان بۆ تەرخان بکرێت بەڵام ئەو جیاوازییە چینایەتیەی کە لە ئارادابوو ڕەنگدانەوەی نەرێنی دروستکردبوو ڕێژەی دەرچوونی چینەکانی خوارەوە بەپێی پێویست نەبوو (جابرییل ایە ، الموند جی ، ١٩٩٨، ص٣٤٨) هاوکات ئەو قوتابیانەی زانکۆیان تەواودەکرد هەلی دامەزراندنیان لە کەرتی گشتی زۆر کەم بووە، بەتایبەت دەرچوانی زانستە کۆمەلایەتیەکان، ئەمەش رقی تورەی لە حکومەتی فەرەنسی لای گەنجان بەتایبەتن قوتابیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیاتر کردبوو ، ئەوان پیان وابوو حکومەت نەیتوانیوە بژێوی ژیانێکی شایستەیان بۆ دابینبکات (سترومبیرج ، ١٩٩٤، ص ٧٣٧) .

لەسەرتای سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی گەنج لە کۆمەلگای فەرنسی لە هەڵکشان بوو ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەساڵی 1968 گەنجان( 34%)ی دانیشتوانی فەرنسای پێکدەهێنا کە ئەمەش بەبەراورد لەگەل سالانی چلەکان رێژەیەکی بەرزبووە (Sousa,1993, p19).

لەلایەکی دیکە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سیاسەتی لابردنی باجی گومرگی پیادەکرد ئەمەش داشکانی گەورەی بەرهەمە پیشەسازییەکان بەپلەی یەکەم بەروبومە کشتوکاڵییەکانی بەپلەی دووەم بەدوای خۆییدا هێنا بەشێوەیەک لەسالی ١٩٦٧ زیاتر( 50%)ی نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکان هاتە خوارەوە ئەم کاریگەرییەش زیاتر لەسەر وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوت، هەروەها دەرکەوتنی رۆڵی دراوی دۆلار وەک دراوێکی جیهانی و زیادبوونی قەبارەی هاوردەی بەرهەمە پیشەسازییەکان وایکردووە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ئەمریکی لە ئەوروپا لەو ماوەیە بەرێژەیەکی بەرچاو زیابکات، بەشێوەیەک لە ساڵی ١٩٥٦ بە بڕی ( ٤) بلیۆن دۆلار ئەمریکا پرۆژەی وەبەرهێنانی لە ئەوروپا هەبوو، کەچی لەکۆتایی شەستەکان قەبارەکەی زیادکرد بۆ (٢٤) بلیۆن دۆلار ( قاسمیە ، ١٩٩٤، ص٢٧٣) بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە کەرتی ئابووری ولاتانی ئەوروپا بەگشتی هەبووە ، بۆ نمونە لە فەرەنسا لەساڵی (١٩٥٠) کرێکاران (٣٠%) ژمارەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا کەچی لەساڵی (١٩٦٧) ئەم رێژەیە بۆ (١٦%) کەم بۆتەوە ، ئەمەش دەمانگەیەتە ئەو ئەنجامەی کە خاوەنکارەکان نەیاندەتوانی کێبڕکێی بەرهەمە پیشەسازییە ئەمریکیەکان بکەن هەرەسیان هێنا و رێژەی بێکاری لە بەرزبوونەوە بووە (VIGNA,2010,p27 )، هاوکات حکومەتی فەرەنسی هەرچەندە لەساڵی (1966) پلانی گەشپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند ، بەڵام ئەمەش ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە لەبەرئەوەی پرۆژەکانی حکومەت زیاتر بەرتەسك ببووەوە بۆ گرنگیدان بە دروستکردنی خانوو و باڵەخانەو و خزمەتگوزارییەکانی بیناسازی و نیشتەجێکردن ، لەبەرامبەردا کەرتی ئابووی بەتایبەت کشتوکاڵی بەرێژەی (3%)ی گەشەی خۆی لەدەستدا ، سەرئەنجام دیاردەی کۆچی جوتیاران لەلادێکان بۆ شارەگەورەکانی وەك پاریس ،لیۆن، سترانۆرگ و چەند شارێکی دیکە

سەریهەڵدا ،بێگومان ئەم دیاردانە ڕەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی ژیانی کۆمەلایەتی شارەکانیش دروستکردوە(Sousa,1993, p25-26).

لە شارەکانیش بەتایبەت شارە گەورەکان کارگەکان لە بنکەی سەربازی دەچوون، ڕێگە بە سەندیکای کرێکاران نەدەدرا لقی خۆیان لە ناوەندەکاندا بکەنەوە نەوەک کرێکارەکان بەگژ خاوەنەکانیاندا بچنەوە، خاوەن کارەکان وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ کرێکارەکان دەکرد ( کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٥١) ، مافی خانەنشینی لەتەمەنی (٦٠) ساڵی نەدەرا هەروەها بەهۆی نەبوونی مەرجی سەلامەتی ژیانی کرێکاران لە کارگەکان لە مەترسیدابوو ( حەمە ، ٢٠١١،ل ٣٥).لەبەرامبەردا خاوەن کارەگەکان سەندیکای تایبەت بەخۆیان هەبوو بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکانیان بەناوی ( ئەنجومەنی نیشتمانی خاوەن کارەکانی فەرەنسی )بوو زیاتر سەرمایەدار و خاوەن کارگە گەورکان تییدا ئەندام بوون بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری هەموویانی لەم ئەنجومەنە کۆکردبووەوە (الموند، جارل اية ،جی بنجهام باويل، ١٩٩٨ ،ص٣٥٦).

خاڵیکی دیکە کە رۆڵی هەبووە لە زیادبوونی نارەزاییەکان ئەویش پەیوەندی بەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە هەیە، هەندێ لەیاساکانی فەرنسا ببوونە بەربەست لەبەردەم لەژیانی کۆمەلایەتی کەلەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەدەگونجاون بۆنمونە لەبارەی ژیانی هاوسەری هەرچەندە پاپا لەساڵی 1956 ڕێگەی دا کە ئەو هاوسەرانەی ئارەزووی دروستبوونی منداڵ ناکەن ئاساییە گەر هۆکارەکانی رێگریکردن لە دروستبوونی منداڵ بەکاربهێنن بەلام لە فەرەنسا ئەمە ڕیگەپێدراونەبووە ، هەروەها لەباربردنی منداڵ قەدەغەبووە ، مافی جیابوونەوەی هاوسەران لەدەست پیاو بووە نەك ئافرەت (Sousa,1993, p22) ئافرەتان بۆیان نەبوو هەژماری بانکی تایبەت بەخۆیان هەبێت بەبێ ڕەزامەندی هاوسەرەکانیان( BAUER,2018,p36) بێجگە لەمانەش ئازادی لەڕووی کەسیشەوە سنووردارببووە کچان بۆیان نەبوو بەر لە کاتژمێر (٨)ی شەو لەدەرەوە بمێننەوە ( کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل٥٣) ، لەزانکۆکانیش بەشەناوخۆییەکانی کوڕان وکچان جیابوون، هیچ خوێندکارێکی کوڕ بۆی نەبوو سەردانی بەشەناوخۆیی کچان بکات ، ( کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠، ل٥٢)
.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگای باسە ناوەندە ئەدەبیەکان بەگشتی هونەرمەندان و نووسەران، شاعیران و سینەماکاران ،رۆڵێکی گرنگیان بینی لە هۆشیارکردنەوەی لاوان ، رەخنەگرتن لە دەستەلات و قسەکردن لەسەر گرفت و خواستەکانی لاوان ،لە گرنگترین هونەرمەندەکانی وەك جۆنی هالیدای ( Johnny Hallyday) و سیلفی ڤارتان (Sylvie Vartan) و ریچاردئەنتۆنی (Richard Anthony) و چەندانی دیکە بەبڵاوکردنەوەی ژمارەیەك بەرهەمی وەك شعر ، گۆرانی ، شانۆ ، فلم ،سەرنج و رەخنەیان هەبووە ، دەرهێنەرەکان لە فلمەکانیان ئازارکانی ژیانی زۆربەی چین و توێژە کۆمەلایەتیەکانیان دەکردە هەوێنی فلمەکانیان لەنێویشیاندا توێژی گەنجان (Sousa,1993, p21 کەلەکەبوونی تەواوی ئەم هۆکارانە خۆپیشاندانی جەماوەری بەدوای خۆیدا هێنا.

### ب_هۆکارە دەرەکییەکان:

پاش ئەوەی شۆڕشی کوبا لە (٢٦) حوزەیرانی (١٩٥٩)بەڕابەرایەتی فیدڵ کاسترۆ( Fedel castro (2))و بە یارمەتی چێ گیڤارا( Che Guevara )[3] سەرکەوت، ئەمریکاو ولاتانی سەرمایەداری دژایەتی ئەو شۆڕشەیان کرد، ، لەبەرامبەر ئەم هەوڵویستەیان لەزۆربەی شەقامەکانی ئەمریکا و ولاتانی ئەوروپی دەنگی نارەزایی لە بەرزبەوە و چەندین خۆپیشاندان ئەنجامدرا ئەمەش جۆرێك لە گرۆتینی زیاتری بە بزافی رزگاری خوازی میللەتان بەگشتی و ولاتانی ئەمریکای لاتین بەتایبەت دا ( حەمە ،٢٠١١، ل٢١) .

رووداوەکانی شەری سارد[4]و گۆرانکارییەکانی بزاڤی رزگای خوازی میللەتان ڕەنگدانەوەی لە شەرقامی ولاتانی زلهێز هەبووە . لەوماوەیە خۆپیشاندانی قوتابیان و دەرکەوتنی رۆڵیان لە پێشهاتە سیاسیەکان لە ئەورپا بەگشتی بۆتە باو بۆنمونە ، لە ساڵی (١٩٦٥) لە زانکۆی (کالیفۆڕنیا و بیرکلی) خۆپیشاندان دژی شەڕی ڤێتنام کرا (کۆمەلێک نووسەر ،٢٠١٠،ل ٧٢) ،بێگومان ئەم رووداوانە کاریگەرییان لەسەر هەولێستی قوتابیانی فەرنساش هەبووە.

لەساڵی ١٩٦٧ بەرەی رزگاری نیشتمانی ڤێتنامی هێرشێکی گەورەیان کردە سەر ناوچەی نفوزی ئەمریکا کە بە هێرشی (نیت) ناسراوە کە لەیەک کاتدا هێرشیان کردە سەر هەموو شارەکانی ڤیتنام. لەم رووداوەدا بەرەی نیشتمانی توانی دەست بەسەر شاری (سایجۆنی)ی پایتەختی ڤێتنامی باشوور و بالیوزخانەی ئەمریکا دابگرن . ( حەمە ، ٢٠١١،ل٢٣-٣٠)هاوکات هیمداداتی سەربازی و یارمەتیان لە

بزاڤی رزگای خوازی ولاتی لاوس پێگەیشت کە دەکەوتە باکوری ڤیتنام، ئەمەش وایکرد شۆرشگیرانی ڤێتنام بۆ ماوەی سێ هەفتە لەو ناوچانە بمێنەوە ، هێزەکانی ئەمریکا لەم شەڕانە زیانێکی زۆریان بەرکەوت ، ئەمریکیەکان وەك تۆلەی ئەم شکستە کۆمەڵێك کاری نامرۆڤانەیان لە ڤێتنام ئەنجامدا ،لەوانە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دانیشتوانی چەند گوندێکی ڤێتنام هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان قەدەغەبوو ، ئەم کردارانەی سوپای ئەمریکا هێزەکانی شۆرشگیران ناچار بە کشانەوە کرد لەوناوچانەی زرگاریان کردبوو ، هەروەها لەلایەکی دیکە زیانەکانی ئەم شکستە کاریگەریەکی گەورەی لە ئاستی ناوخۆیی ئەمریکا دروست کرد ، زنجیرەیەك خۆپیشاندانی بەدوای خۆیدا هێنا ( ئەحمەد ،٢٠١٢،ل١٩١)

جێگای باسە جوڵەو بزاڤی رەش پێستەکانی ئەمریکا کە لەپێناو بەدیهێنانی مافە مەدەنیەکان ( حەیدەری ، ٢٠٠٨، ل٤٤ ) لایەنێکی دیکە گرنگەو دەنگدانەوەی جیهانی لێکەوتەوە ، بەتایبەت دوای ئەوەی(٤)ی نیسانی ١٩٦٨ سەرکردەی رەش پیستەکان (مارتن لۆتەر کینگ)[5] لکوژرا،لە(٨)نیسانی هەمان ساڵ لەرێورەسمی بەخاکسپاردنی خۆپیشاندان رێپێوانێکی گەورە سازکرا کە زۆربەی رەش پیستەکانی ئەمریکا تییدا بەشداربوون ( کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل ١٢٧)

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی هیثیەکان لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە خۆرئاوا سەرەتا وەک دیاردەیەکی سەیرو سەمەرە و بێ بنەما لەقەڵەم دەدرا، کە هەڵگری چەند خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆیان بوون، وەک قژ درێژکردن و دژایەتی بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا و رێزنەگرتن لە کولتوری کۆمەلایەیەتی باو و دژی مۆدێلی باو بوون کە لە پەنجانی سەدەی بیستەم هەبوون، و خواستین یەکسانی بوو لەنێوان هەردوو رەگەزدا، هیثیەکان بەشێوەیەکی هێمن بەرپەرچی باوکەکانیان دەدایەوە و پاشان یاخیبون و بێزاری خۆیان دەردەبڕی(تەلعەت ، ٢٠٠٨،ل ٢٨)

دوای ئەوەی لە ماوەی شەستەکانی سەدەی بیست دا بزووتنەوەی خوێندکاری لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا سەریهەڵدا ،ئەم بزووتنەوانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر وڵاتەکانیان بەجێهێشت ، لەم رووە قوتابخانەی( فرانکفۆرت)[6] ی ئەڵمانی رۆڵی پێشەنگی بینیووە ،کە چەندین فەیلەسوف و بیرمەند لەخۆگرتبوو، بیروبۆچونەکانیان کاریگەری زۆری بەسەر لاوان و خوێندکارندا دروستکردبوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وای لێکردن خۆپیشاندان و نارەزاییەکان برەو پێبدەن دژی کۆمەلگای سەرمایەداری ئەوروپی (BRILLANT,2002,p146 ؛حەویزی ، ٢٠١١، ل١٨٦).

مارکیوز[7](Herbert Marcuse) یەکێك لەو فەیلەسوفانەی سەرسام بوو بە بیری مارکسی، بەتایبەت ئەو بەشەی کە تێکەڵ بە سیاسەتی شۆڕشگێرانە کرابوو، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی پاریس کاریگەری خۆی هەبوو بوو، پێی وابوو چینی کرێکار ناتوانێت سەرکردایەتی کردەی گۆرانکاری بکات، مادام رژێم لایەنگیری ئەوانی کرپووەوە لەنێو خۆی گرتوون( کریپ، ٢٠٠٨،ل٣٦٩)، بۆ ژێرەوە ژوورکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری کەوتە سۆراخکردنی هێزگەلێکی دیکە کە توانای ئەنجامدانی ئەم کارەیان هەبێت ، بتوانن ببنە ئامرازی گۆرانکاری ( ئەحمەد ،٢٠١٢ل ٣٤)هەروەها لە بەرامبەر ئەم پاشەکشەیەی پرۆلیتاریادا ،مارکویز پێی وایە گۆڕان لە هێزیکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرەوە بۆ هێزێکی محافیزەکارو دژە شۆڕش دەبێت لە چینێکی تر بگەرێین ئەم ئەرکەی پێ بسپێرین و ژیاری سەرکوتکەرانەو دەسەڵاتی دیسپۆتیزمیانەی تەکنیک بە ژیارێکی ئازادو مرۆڤ دۆست بگۆڕێتەوە، ئەوانەی چاوەڕێی ئەنجامدانی گۆڕان و وەرچەرخانێکی لەو جۆرەی لێدەکردن بریتی بوون لە توێژی خوێندکاران و ڕۆشن فکران و ئەو تاکانە بوون کە لەدەرەوەی هەموو جۆرە دابەشکردنێکی چینایەتین و لەهەر پۆلێن کردن و ریزبەندیەکی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانیش بەدەرن( زەکەریا، ٢٠١٠، ل١٤٠) کاتێک لە شەستەکانی سەدەی بیستەم خوێندکاران و لاوان وەک هێزێکی تازەوە هاتنە مەیدان، مارکیوزە گرنگیەکی زۆری پێدان و لە پرۆژە فەلسەفیەکەیدا جێگای کردنەوە، شوێنگەی تایبەتی پێبەخشین و ئاوڕدانەوەی ئەم بیرمەندە، لە گەنجان و قسە کردن لەسەریان ناوبانگی زۆری بۆ پەیداکر( زەکەریا، ٢٠١٠، ل٨٧)گەنجانیش بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرد ، ڕۆلێکی بەرچاوی بەخشی پێیان لە ئاراستە کردنی ڕووداوەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا بوو بیریارانی دیکە ئەم هێزەیان فەرامۆش کردبوو ڕۆڵێکی لاوەکیان پێدابوو،بیرو بۆچوونی کۆمەڵناسان بوونە هەوێنی بەرپابوونی شۆڕشی قوتابیان لە فەرەنساو ئەمەریکاو ئەڵمانیا ...ولاتانی دیکە (قادر ، کۆمەلناس" گۆڤار"ژ (٩)، ٢٠١٢،ل١٢٤ ).

لە مانگی ئایاری ١٩٦٨ خۆپیشاندانی قوتابیان و لاوان لە فەرەنسا تەقیەوە ، ئەم هەلوێستانەیان بریتی بوو لە بزاوتێکی نارەزایی نیشاندان و ڕەتکردنەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی شێوازێک لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوازەکانی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕینی کۆمەڵایەتی ، خەسڵەتی سەرکیش بریتی بو لە گەشەکردنی هۆشیاری خوێندکاری ، کەم تا زۆر هاوشێوەی (هۆشیاری چینایەتی)یە(Keith ,1993,p63 ) Reader لای کرێکاران لە سەدەی نۆزدەدا، بەم شێوەیە خوێندکاران و لاوان بوون بە میراتگری ئەو رۆڵەی کە پرۆلیتاریا دەیگێرا ،(تەلعەت ، ٢٠٠٨،ل ٣٢) ئەم قسەیەش لە بیرو بۆچونی مارکیوز نزیکە کە جەختی لەسەر توانای رۆشنبیران و خوێندکاران دەکردەوە بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری ریشەی لە کۆمەڵگادا (حەیدەری ، ٢٠٠٨، ل٤٢)ناوبراو رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ جۆشدانی قوتابیان و ورژاندنی پرسیارگەلێکی رەخنەیی تازە، (قادر ، کۆمەلناس" گۆڤار"ژ (٩)، ٢٠١٢،ل١٢٦).

یورگن هابرماس[8]( jurgen habrmas ) یەکێکی دیکە لەو رۆشنبیرانەی کە رۆلی هەبووە لە گۆرانکارییەکانی ئەو ماوە یە، مامۆستا بوو لە زانکۆی فرانکفۆرت ، کاتێک خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ئایاری ١٩٦٨ لە فەرەنسا سەریهەڵدا وە سەرنجی هەموو جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا، کاتێك بەتایبەت ئەوکاتەی قوتابیان دەستیان بەسەر زانکۆکەدا داگرت ، ( ئەحمەد ،٢٠١٢، ل ١٨٠)ناوبراو پێی وابووە بزووتنەوەی لاوان گرنگیەکی زۆری هەیە ، چونکە رەوایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە لاوازترین خاڵەکانی دا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەم بزووتنەوەیە پەردە لەسەر هەڵە ئایدۆلۆژیەکان هەڵدەماڵێت، هەوڵ دان بۆ سەرگەرم کردن و دورخستنەوەی سەرنجی خەڵکی لەمەسەلە سەرەکیەکان ، ( لیتشە، ٢٠١٢،ل ٤١٢)مەسەلە ئابووری و سیاسیەکان دەخاتە ژێر باسەوە ، بزووتنەوەی خوێندکاری ئەمە قبول ناکات کەسایەتی پسپۆر دەتوانن بریار بدەن لەسەر مەسەلە ئابووری وسیاسیەکان ، بەم شێوەیە بزووتنەوەی قوتابیان بۆ بەرەنگاری رژێمێک کە سەرقاڵی رەعیەت پەروەرییە دەچێتە مەیدان، دەیەوێت خواستی خۆی تەنها لە بواری تایبەت دا سنوردار بکات(چەند نووسەرێک، ٢٠١١، ل ٢٦٧).

کاتێک خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٦٨ لە فەرەنسا دەستی پێکرد، ژان پۆل سارتەر[9] وەک بەشێک لە فەیلەسوف و بیرمەندەکان پشتگیری لە لاوان و قوتابیانی دەکرد، بەشێوەیەک بوو کاریگەریەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای فەرەنسی دروست کردبوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان سارتەر تێکەڵ بە خوێندکاران و کرێکاران بوو هەمووان لە دژی دام دەزگا موحافیزەکارەکان وەستانەوە، تەنانەت لە دژی هەلوێستی پارتی کۆمەنیستی فەرەنسیش بوو ، چونکە پارتەکە پێی وابوو باری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی فەرەنسا بۆ خۆپیشاندان لەبار نیە ، بە بیانوی ئەوەی فەرنسا خەریکی خۆنزیککردنەوەیە لە یەکێتی سۆڤیەت ئەم هەلویستەی پارتەکە مشتومری زۆری دروستکردبوو بەتایبەت لەنێو فەیلەسوفان گەلێك رۆناکبیری فەرنسی لە پارتەکە دورکەوتنەوە لەپێش هەمویانەوە سارتەر ، هەرلەبەرئەم هەولوێستەکەی پارتی کۆمۆنستی فەرەنسی گروپی چەپی نوێ لە پاریس هاتنە ئاراوە (حەمە،2011،ل56).

یەکێک لە هەڵوێستە دیارەکانی سارتەر لەخۆپیشاندانەکان دا هانی لاوانی دەدا کە نەچنە ڕێزی سوپاوە ، پێویستە دژی حکومەتی وڵاتەکان بوەستنەوە لە دژی داگیرکاری جەزائیر لەلایەن سوپای فەرنساوە ، هەمیشە دەیگوت گوێ لە شارل دیگوڵ مەگرن ، چونکە جەلادە( شێخ،٢٠٠٢،ل ١٥٢). کاتێک ئەو قسانەی بە شارڵ دیگۆل گەیشتەوە ، کەسە نزیکەکانی دیگۆڵ گووتیان پێویستە بیگرین و زیندانی بکەین ، هەورەها ڕاسترِەوەکان دروشمی سارتەر بکوژن بەرز دەکردەوە ، چونکە کاریگەریەکی زۆری بەسەر خوێندکارانەوە هەبوو( سارتەر ، ٢٠١١، ل٩٨) کاتێک پۆلیس دەستگیری دەکات دەیبەنە بنکەی پۆلیس ، شارڵ دیگۆل فەرمان دەکات کەوا ئازادی بکەن، دەڵێت " **کەس ناتوانێت ڤۆڵتێر دەستگیر بکات"**، ( کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٥٤) رەنگە هۆکاری ئەم هەلویستەی دیگۆلیش پەیوەندی بەوە هەبێت ئازاد نەکردن یان ئازاردانی سارتەی دەنگی نارەزایی شەقام لەدژی حکومەت زیاتر بکات .

لە ئەڵمانیای رۆژئاواش بزوتنەوەی خوێندکاری لە چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، ریفۆرمی زانکۆیی بابەتی سەرەکی نارەزاییەکان بوو، بەیانووی ئەوەی سیستەمی خوێندنی زانکۆیی نا سەردەمی بووە بەشێوەیەکی سەرکوتکەرەو لەسەر بناغەی زنجیرە پلەیەکی سەخت کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بەردەوام بووە، لە بنەڕەتدا نادیموکراتی و بیرۆکراتیانەبووە لەبری ئەوەی بەدوای سڕینەوەو لەناوبردنی ئەو نایەکسانی و ناداد پەروەردەییەوە بێت (چەند نووسەرێک، ٢٠١١، ل ٢٥٦-٢٥٧) ، گەنجانی ئەڵمانیا پێیان وابوو لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین تارمایی خراپە دەورەی داوەو بێبەشە لە مۆراڵ (کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل ١١).

پاش سەرهەڵدانی جەنگی ڤێتنام لە سالی ١٩٦٨ لە ئەلمانیا زنجیرەیەك زنجیرەیەک خۆپیشاندان بەتایبەت لەشاری بەرلین دژی ئەو جەنگە ئەنجامدرا ( چەند نووسەرێک ، ٢٠١١، ل٢٥٧) هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردانی شای ئێران بۆ ئەلمانیا هێندی تر دۆخەکەی ئالۆز کرد بەتایبەت دوای کوشتنی (بینۆ ئۆهنسرۆگ) بەدەست پۆلیسێک ئەم رووداوە وایکرد ئاراستەی خۆپیشاندانەکان فراوانتربیێت و بەرەو توندوتیژی بڕوات ( کۆمەلێک نووسەر،٢٠١٠، ل١١٧).

لەلایەکی دیکە بلاوبوونەوە هەوالی کوشتنی (چێ گیڤارا) لە (٩) ئۆکتۆبەری (١٩٦٧)،زنجیرەیەک خۆپیپشاندانی گەورە لە پۆلیڤیا و ئەرجەنتین و شیللی و مەکسیک بەدوای خۆیداهێنا ( حەمە، ٢٠١١،ل٢٢).

کاتێک زانکۆی ستراسبۆرگ لەشاری ستراسبۆرگ بەبۆنەی کردنەوەی سەرای زانکۆ ئاهەنگ دەگێڕن ، قوتابیان بەیاننامەیەکی (٣٢) لاپەڕەیی تایبەت بە باری قوتابیان لە زانکۆ بڵاو کردەوە، ئەو بەیاننامەیەش دواتر کاریگەری خۆی بەسەر ڕووداوەکانی ئایاری (١٩٦٨)ی فەرنسا دەبێ، هەروەها لە کانونی دووەمی (١٩٦٨) بەهاری (پراگ) وەک سەرەتایەک بۆ نارەزایی و بۆ لیبرلیزەکردن لە چیک و سلۆڤاکیای جاران کەوتە سەر پێ، جەختکردن لە سۆسیالیزم لە ڕوخساری مرۆیی دا ئامانجی خۆپیپشاندانەکان بوو، بە پێی وتنی (بێرنارد کۆشنێر (Bernard kouchner کە یەکێکە لە کەسایەتیەکانی ئایاری (١٩٦٨) دەڵێت **"بەهاری پراگ و داگیرکردنی پراگ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە فەوجەکانی ئایاری سۆربۆنی هەژاند"** ( حەمە، ٢٠١١،ل٢٨).لە سۆنگەی هەموو ئەم باسانە دەکرێت بلێین لەتایبەتمەندی ئەوماوە مێژووییە بریتیە لە دەرکەوتنی رۆلی قوتابیان و لاوان بەگشتی قوتابیانی فەرنساش لەم تەوژمە نوێیە بێبەش نەبون.

## تەوەرەی دووەم: هەڵومەرجی ڕووداوەکان:

دوای ئەوەی لە (٢٢) ئادار (١٩٦٨) خۆپیشاندان دژی جەنگی ڤێتنام لە فەکەڵتیتی (نانتێر) ی سەر بە زانکۆی پاریس ڕوویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەک قوتابی دەستگیرکران، کە سەر بە پارتە چەپەکان بوون، وە ئیدارەی فەکەڵتی نانتێر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە فاکەڵتییەکەیان داخست( حەمە ، ٢٠١١،ل٣٧ ) چەند کاتژمێك دواتر لەشەوی هەمان رێکەوت ژمارەیەك قوتابی کە نزیکەی (١٥٠٠) قوتابی ئیدارەی (فاکەڵتی نانتێر) یان دەست بەسەرداگرتووە، وەك پەرچەکردارێك دژی بەندکردنی ئەو قوتابیانە بوو کە دەستگیرکرابوون، جیگای باسە ئەم قوتابیانە دوای ئەنجامدانی ئەم چالاکییە گروپی بزووتنەوەی (٢٢) ئاداریان پێکهێنا، لەلایەن(دانیال کوهین_بندیت) ڕابەرایەتی دەکرا ، کە

خوێندکارێکی بەرەگەز ئەڵمانی بوو، تەمەنی (٢٣) ساڵ بوو قوتابی بوو لە زانکۆی پاریس ( تە رابیشی ،سەردەم " گۆڤار" ژ(٢٧)، ٢٠٠٣، ل١١٩) ( کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٠، ل١٤).

دەکرێت بڵێین ناوهێنانی گروپەکە و پەیوەستکردنی بەم ڕێکەوتەوە هاوشێوەی ناوی گروپی (26)ی تەموزی 1953ی کوبایە بە رابەرایەتی (ڤیدل کاسترۆ)کە لە رێکەوتی(26 )تەمموزی 1953 هێرشیان کردە سەر بەندیخانەی مۆنکادۆ لەشاری سانیاگۆ کە ژمارەیك خەباتکاری کوبی تێدا بەند کرابو .

لەسەرەتاکانی مانگی ئایار خۆپیشاندانەکان بەردەوامبوون، لە (٣) ئایار ی (١٩٦٨) ڕۆژێکی گرنگ بوو بۆ خۆپیشاندانەکاندا، چونکە قوتابییە ڕاستڕەوەکان هەوڵیان دەدا کەوا زانکۆی سۆربۆن داگیر بکەن، دەکرێت ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ڕووداوەکانی ئایار بناسرێت، ئامانجیشیان لێی نارەزایی دەربڕین بوو، دژ بە داخستنی فەکەڵتیتی نانتێر ( حەمە،٢٠١١، ل٤١).

دوای ئەم ڕووداوە ڕاگری فەکەڵتیەکە کە (پیێر گراپان Pierre grappin )بوو، بڕیاری داخستنی فاکەڵتیەکەی دەرکرد تا ڕێکەوتی (١١) ئایار ، هەندێک لە نووسەران پێیان وایە ئەم بڕیارە ڕۆڵی هەبوو لە زیادکردنی تووڕەیی خوێندکاران و ڕووکردنە زانکۆی (سۆربۆن) بۆ تەواوکردنی خۆپیشاندانەکان(حەمە، ٢٠١١،ل٣٤) تەنانەت یەکەمین بڵسەی ئاداری (١٩٦٨) پڕوپاگەندەیەک بوو گوایە فاشیەکان بەڕێوەن بۆئەوەی پەلاماری زانکۆی سۆربۆن بدەن، کە ئەوکات مەڵبەندی چەپەکان بوو، فاشییەکان کوڕی ئەو بنەماڵە ڕاستڕەوانە بوون کە لە پەیمانگای زانستە سیاسییەکان لە شەقامی (ئەساس) دەیانخوێند، ئەوەی ئەوپەیمانگایەی لە زانکۆی سۆربۆن جیادەکردەوە پارکی (لۆکسمبۆرگ) بوو، لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە قوتابییەکان هەستان بە شکاندنی کورسیەکان بۆئەوەی بەرامبەر هێرشبەران بەکاری بێنن( کۆمەڵێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل٥٥)، خوێندکارە ناڕازییەکان هەرئەوەندەی ڕژانە سەر شەقام بۆ ڕەخنەگرتن لەوەی کە پێی دەگوترا ململانێ لەگەڵ پیشەسازی کولتوریدا، ڕستەکەی (هۆرکهایمەر) یان دەگووتەوە، کە بەدەستەواژەی تر نوسیبوویان و شیکردنەوەیان بۆ کردبوو، کە دەیگووت **"هونەر مردووە، لێگەڕێن ژیانی ڕۆژانەی خۆمان بخولقێنین، عەشق بازی بکەن، نەک جەنگ"**( چەند نووسەرێک، ٢٠١١،ل ؛ Seidman, 2004,p 24)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی پریشکی ناڕەزایی قوتابیان زیادکرد ،بڕیاری دورخستنەوەی (دانیال کۆهین) بوو لە زانکۆ (تە رابیشی ،سەردەم " گۆڤار" ژ(٢٧)، ٢٠٠٣، ل١٢٧) ، هەروەها لەلایەکی **دیکە گوێ بە خواستەکانی فوتابیان نەدەدرا کە** داواکاری تایبەت بە خۆیان هەبوو، سەبارەت بە سیستەمی خوێندن ،شێوازی خوێندن لەهەموویان گرنگتر داوایان دەکرد هەلبژاردنی بەشەکانی کۆلیژەکان بەپێی ئارەزووی خوێندکار بێت نەك پێوەری دیکە (کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل١٢٤) ،هاوکات کاتێك گۆڤاری Novel obervature)، لە ئایاری (١٩٦٨) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (دانیال کۆهین) بلاوکردەوە کە خودی (سارتەر) ئەو چاوپێکەوتنەی ئەنجامدابوو ، ناوبراو ڕایگەیاند **"بزووتنەوەکە سەرەتا لەسەرووی پێشبینییەکانی ئێمەوە گەشەی کرد، لەئێستادا ئامانجمان بریتییە لە ڕووخانی ڕژێم، بەڵام ئەوکارە بەدەستی ئێمە نییە،ئیدی ئەوەی ڕوودات یان نا، ڕژێم لەماوەی دوو هەفتەدا دەکەوێت، لەبەرئەوەی ئامرازی بەرپەرچدانەوەی ئەم هێزەی نییە کە تێکڕای هێزی کارکەران دەیخەنەڕوو"**( چارلزتیلی، ٢٠١٢،ل٢٠٤).

لە (7)ی ئایار دا خوێندکارانی زانکۆی سۆربۆن، بۆ پشتگیری کردن لە خوێندکارەکانی فاکەڵتی نانتێر هاتنە سەر شەقامەکان لە گەڕەکی لاتین، شەڕ و پێکدادان لە نێوان پۆلیس و خوێندکارەکاندا ڕوویدا( کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل٥٨) ، پۆلیس لە چەند ناوچەیەکدا ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە، کاتێک خوێندکاران لە ناو حەرەمی زانکۆ بوون، پۆلیس گەمارۆی دان، دوای دانوستاندن ڕێگە بە خوێندکاران درا بچنە دەرەوە، دواتر خوێندکاران ڕێگریان لەبەردەم هاتووچۆی ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس دروستکرد کە بەمەبەستی بلاوەپێکردنیان لەناوچەکە بوون ، پاشان پۆلیس گازی فرمێسک ڕێژی بەکار هێنا، بەڵام خوێندکارەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە( گەن ، سەردەم "گۆڤار" ژ(٢٧)،٢٠٠٣،ل ١٣٢)

لە ئاکامی ئەوە توندوتیژیەی لە گەڕەکی لاتین ڕویدا (٥) پۆلیس برینداربوون، لەبەرمبەر ئەوەش (٥٧٤) کەس دەستگیرکران، لەناو ئەم خەڵکانەدا (١٧٩) کەسیان هەرزەکار بوون، (٤٥) ئافرەت و (٥٨) بێگانە یان تێدابوون، لە هەمان شەودا زۆربەیان ئازادکران، تەنها (٤) کەسیان ماونەوە، لە (9)ی ئایاردا پێکدادان لە شەقامەکانی پاریسدا ڕوویدا، کە لە کاتژمێر (٨) شەو تاکو درەنگانی شەو بەردوام بوو، زیاتر لە (٢٠٠٠٠)کەس بەشدار بوون، خۆپیشاندەران بە بەرد وڵامی پۆلیسیان دایەوە، لە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رووداوانە نزیکەی(٥٠٠) پۆلیس بریندار بوون، لەبەرامبەردا ژمارەیەك قوتابیش برینداربوون کە ژمارەکەیان کەمتربوون لەژمارەی هێزەکانی پۆلیس ، لەم رووداوەش زیاتر لە (٤٠٠) خۆپیشاندەر دەستگیر دەکرێن، هەروەها شەوی (١٠)ی ئایار بە یەکێک لە شەوە کاریگەرەکانی پاریس دەژمێردرێت، کە پۆلیسی کۆماری تیاردا بەشداربووە، هێرشێکی زۆریان کردە سەر گەڕەکەکانی دەورووبەری زانکۆی سۆربۆن بەتایبەت (گەڕەکی لاتین)، کەلەو شەوەدا قوتابیان هەوڵیاندا شوێنەکانیان بپارێزن ( Lavabra M.C , Rey H،1998. P 56 ؛ حەمە ، ٢٠١١، ل٤٢-٤٤)

بۆ رۆژی دواتر کۆبونەوەیەک لە زانکۆی سۆربۆن کرا، دژی داخستنی فەکەڵتی نانتێر، نزیکەی (٣٠٠) قوتابی ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوون،( Diaz,2017,p48) لای ئێوارە لە سەراپای ناوچەکانی (پۆلیڤار و سان میشێل) دا پێکدادان لەنێوان خوێندکاران و پۆلیس ڕوویدا، لەکۆتاییدا (٧) پۆلیس و ژمارەیەکی ڕانەگەیەنراوی خوێندکاران بریندار بوون، وە (٦٠٠) کەسیش دەستگیرکران( گەن ، سەردەم "گۆڤار" ژ(٢٧)،٢٠٠٣،ل ١٣١) دوای ئەوەی خۆپیشاندان پەرەی سەند، خەریک بوو حکومەتەکەی (شارل دیگۆڵ) بکەوێت، بۆیە حکومەت کەوتە هەڵپەی ئەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم دۆخە بدۆزنەوە(BANTIGNY,2018,p35؛کۆمەڵێک نووسەر ، ٢٠١٠،ل٢٦) پۆلیس و سوپا کەوتنە ململانێ لەگەڵ خوێندکاران و کرێکاران ( تەرابیشی، سەردەم "گۆڤار" ژ( ٢٧)، ٢٠٠٣،ل١٢٨)

لە(١٣) ی ئایار مانگرتنی گشتی دەکرێت بازنەی خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەبن کرێکاران و دێنە رێزی قوتابیانەوە ،ژمارەی خوپیشاندەران دەگەیشتە زیاتر لە ( ٢٥)هەزارکەس گەلێک لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و نەخۆشخانە و کارە ناپیشەییەکان ئامادەییان بۆ مانگرتن ڕاگەیاند ، هاتنە ریزی خۆپیشاندەران( Prost ,1988,؛٢٠١١، ل٤٧) زانکۆی سۆربۆن دەکەوێتە دەست خوێندکاران تاکو(١٦)حوزەیران ،لە هەمان رۆژ یەکێتییە گەورەکانی کرێکارانی فەڕەنسی وەك (فیدراسیۆتی گشتی کار، و هێزی کرێکاران)، بانگەشە بۆ خۆپیشاندانی سەرتاسەری ڕادەگەیەنن( حەمە، ٢٠١١،ل٤٥)،پاش ئەوەی چینی کرێکاران هاتنە پاڵ خۆپیشاندەرا بۆ داواکردنی مافی خۆیان، بەمەش بەشێکی زۆری کارگەکان لەلایەن کرێکارانەوە دەستییان بەسەردا گیرا، ئەمەش وایکرد پرۆسەی بەهەم هێنان لەم کارگانە پەکی بکەوێت، بەڵام هەندێک لە کارگەکان لەژێر چاودێری لیژنەی خۆپیشاندەران کاریان دەکرد بۆ بەرهەمهێنانی خواردەمەنی بۆ خۆپیشاندەران، تاکو بەرگری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخۆیان بکەن، لە (14)ی ئایار کرێکارەکانی شاری (نانت) دەستیان بەسەر ئەو شارەدا گرت، لە (٢٤)ی هەمان مانگدا جوتیارەکان لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی ئەو شارە یان داخست ، وەدەستییان کرد بە دابەشکردنی خواردن، ئەمەش کاری کردە سەر دابەزینی نرخی شت و مەک (Seidman, 2004,p 24)

یەکێتی خوێندکاری بە هاوکاری ئۆپۆزسیۆن و سەندیکای کرێکارن لەماوەی (٦) هەفتەدا توانیان چەندین خۆپیشاندان لە سەرتاسەری فەرەنسادا سازبکەن، و بە ملێۆنان کەس کۆبکەنەوە، و خوێندن پەک بخەن لە سەرتاپای زانکۆکانی فەرەنسا، کرێکارانیش بەشداری کارایان هەبوو، هێڵی شەمەندەفەر و میترۆ کان لەکار وەستان، ئەمەش وایکرد ئەوانەی دەیان ویست بچنە سەر کار و دژی خۆپیشاندان بوون نەیاندەتوانی بچنە سەرکار( بەرزنجی ، ٢٠٠٦،ل ١٦٨) لە ( 20)ی ئایار ژمارەی کرێکارانی مانگرتوو بۆ نزیکەی ( 10) ملیۆن بەرزبەوە کە 3/2کرێکارانی فەرەنسا مانگرتنیان ڕاگەیاند ( کرۆنۆلۆیای روداوەکانی 1968، 2016، ل 26)

سەرکردەکانی جوڵانەوەی فێرخوازان باوەڕیان وابوو کە سەندیکاکانی کرێکاران بەپێی پێشبینییەکانی کارڵ مارکس خەبات دەکەن، چونکە لە دیدگای مارکسەوە ئەوان ئامرازی گۆڕینن (کۆرلانسکی، کوردستانی نوێ "رۆژنامە" ژ(٣١) ، ٢٠١١) لە (24)ی ئایار بۆرسەی پاریس لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سوتێندرا( کرۆنۆلۆیای روداوەکانی 1968، 2016، ل 27)

ئەم خۆپیشاندانە بەردەوامبوو، ڕەوشی حکومەتی فەرەنسی لاواز کردبوو، ئەوەندەی نەمابوو بڕوخێت، لە (٢٤) ئایار (شارل دیگۆڵ) دەستی کرد بە پیلاندانان بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتەکەی خۆی، کەپێشتر ئەو پیلانانەی بەکار هێنابوو، لە گەرمەی ڕووداوەکاندا (شارل دیگۆڵ) پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە (جۆرج پۆمپیدۆ) ی سەرۆک وەزیران دەکات، (شارل دیگۆڵ) بەر لەوەی تەلەفونەکەی بپچڕێنێت، بە سەرۆک وەزیران دەڵێت "ماچت دەکەم"، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دیگۆڵ بەهۆی ڕووداوەکان کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە، چونکە (شارل دیگۆڵ) هەرگیز لە ژیانیدا بەو جۆرە دەلالەتی لە هەست و سۆزی خۆی نەکردووە( کۆمەڵێک نووسەر، ل٦١).

لە (٢٩) ئایار لە (شارل دیگۆڵ) لەگەڵ جەنەراڵ (ماسوا) کە سەرکردەی هێزەکانی فەرەنسا بوو بەشێوەیەکی نهێنی کۆبەوە ، تاکو بەشێوەیەکی سەربازیانە دژی خۆپیشاندەران بوەستێتەوە( گەن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەم "گۆڤار" ژ(٢٧)،٢٠٠٣،ل ١٣٥) دواتر کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆشکی (ئەلیزی) بەڕێوەچوو، پاشان و دیگۆل لە وتارێکی چوار خولەکی خوێندەوە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان لە پوختەی وتارەکەی هاتووە **"من خاوەنی مەشروعیەتی نیشتمانی و جمهوریەتی باڵای فەرەنسام، لەژێر هیچ فشارێکدا دەستبەردار نابم لە هەلومەرجێکی وادا لە ژیانی سیاسی ناکشێمەوە، و سەرۆک وەزیران ناگۆڕم، لەماوەی 24 کاتژمێر پەرلەمان هەڵدەوشێنمەوە ،و داوای سازدانی خولێکی تازەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکەم لەسەرتاسەری وڵاتدا، بۆئەوەی میللەت خۆی ئەو قەیرانە چارەسەر بکات"** (Sousa,1993, p47 ؛کۆمەلێک نووسەر ، ٢٠١٠، ل٦١). هاوکات بریاریدا (٦) ڕێکخراوی خوێنکاران و هەندێک گروپی چەپڕەوی قەدەغەکرد، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکاران بانگەشەی کۆتاییهێنان بە چالاکیەکانی سەر شەقام بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە پێکدادان بپارێزن( گەن ، سەردەم "گۆڤار" ژ(٢٧)،٢٠٠٣،ل ١٣٦)، لە (٦) حوزەیران دا، سۆربۆن گەڕایەوە دەستی دەوڵەت، و لەدەستی قوتابیاندا بوو ( حەمە، ٢٠١١، ل٥٢ ؛ کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی 1968، 2016، ل30) بەو شێوەیە خۆپیشاندانەکان کۆتاییان هات.

## تەوەرەی سێیەم : دروشمەکانی خۆپیشاندەران:

بە تەماشاکردنی وێنەی ئەو ئەلبوومانەی لەسەر بزووتنەوەی ئایاری (١٩٦٨) ی پاریس بەرهەم هاتوون، گەلێک ئاماژە بەدی دەکرێن کە شایەنی ئاوڕدانەوەی زۆرن، چونکە (لافیتە)ەکان پڕن لە دروشم، کە لەخۆوە بەرهەم نەهاتوون، لە دروشمەکاندا بە ئاشکرا دەبینین، خەباتی سیاسی و ئابوری بە خەباتی هزری و کۆمەڵایەتی تێکەڵ کراوون، و داواکارییەکان باس لە گشت چین و توێژەکان دەکات، ئەو دروشمانە لەسەر دیواری زانکۆ و تەختەڕەشی قوتابخانەو زانکۆکان و دیواری دەرەوەی کارگە و شوێنە گشتییەکان نوسراون ، گوزارشتی خواستەکانی خۆپیشاندەران و ئاستی رۆشنبیریان دەکەن.

یەکێک لە دروشمەکان کەوا هەڵیان گرتبوو، دروشمە بەناوبانگەکەی شاعیر (ڕامبۆ) بوو، کە دەڵێت **"پێویستە ژیان بگۆردرێت، ئەم ژیان سارد وسڕە تەقلیدیە بۆ ئێمە دەست نادان"**( (kurlansy,2004,p45)،لە یەکێکی تر لە دروشمەکانی تر **"با یاساغ یاساغ بکرێت"** تاکو ئەم ڕۆژگارە لە کاتی یادکردنەوەی ڕووداوی (١٩٦٨) ی پاریس بیردەخاتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا لە

کۆمەڵگای فەرنسیدا کۆمەڵێک شت هەبوو کەوا یاغ بوو قوتابیان و لاوان بۆیان نەبوو بیکەن، ئەوەش کە باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی فەرەنسی بەو شێوەیە گەیاندبوو زۆری یاساغەکان بوو، وە یەکێکی دیکە لە دروشمەکان ئەوەبوو **" فێر بووین بکەونە خەون بینین"** (Joffrin,1998,p32)لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە خۆپیشاندەران دەیانەوێت شتی تازە فێر بن، گشت شتێک کە لەمەوبەر فێری بوون دوور هەڵبدەن، کە نەیتوانی هیچ شتێک بگۆڕێت، وە پێویستە کرێکار و قوتابی فەرەنسی ئەوەی پێشتر فێری بوون لە یادگەی خۆیان دەری بهێنن و بکەونە خەون بینین، ئەگەر ئەوان ئەو کارە نەکەن ناتوانن پەنجە بخەنە سەر ئێستا و بۆ دوارۆژ کاربکەن( حەمە،٢٠١١، ل٨٥) ، **" کۆمەڵگای نامۆ دەبێ لە شانۆی مێژوو دا نەمێنێت، ئێمە سەرقاڵی دروستکردنی دونیایەکی تازە و ڕەسەنین، خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست"ئەمەش**یەکێکی دیکە لە دروشمەکان بووە (Rey,1998,p115) بەمانای هەڵدانەوە لاپەرەیەکی نوێ لەمێژوو و ڕەتکردنەوەی رابردووی فەرنسا دەهات ، دروشمی **" لە ناخی گشت مرۆڤێکدا گەرەکێکی لاتین نووستووە"**، ئەو شوێنەیە کە زانکۆی سۆربۆن لەخۆدەگرێت، دەکاتە ناوجەرگەی پاریس و منداڵانی ڕۆژە کانی ڕووداوەکانی ئایاری (١٩٦٨)، ئەو دەمەی قوتابیانی زانکۆی سۆربۆن ڕژانە سەر شەقام، لە گەرەکی لاتین شوێنی خۆیان قایمکرد، چونکە خودی زانکۆکە دەکەوێتە ئەو شوێنەوە، ئەو شوێنە شوێنێکی جیهانییە، و زۆرێک لە گەشتیارەکان کە دێنە پاریس بەو شوێنەدا تێدەپەڕن، (Seidman, 2004,p 33)بۆیە ئەو گەرەکە لای فەرەنسیەکان زۆر خۆشەویستە، وە شوێنی ئۆتۆمبێلە سوتاوەکان و پێکدادان و شوێنی بەرد کۆبوونەوە بوو، وە هوتافی سیاسیشی لێ دەگووترایەوە، وە شوێنێک بوو لەسەر بەرز ڕاگرتنی ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگەی فەرەنسی، زۆربەی پۆستەرەکانیش لەو گەرەگە هەڵدەواسران( حەمە،٢٠١١، ل٨٥-٩٤).

ئەمانە و چەندین دروشمی دیکە کە لە سەر شەقامەکاندا بەرزیان دەکردنەوە **"ماف لە ژیاندا دەسەندرێت نادرێت، دام و دەزگایەکمان دەوێت خزمەت بە مرۆڤ بکات، نەک مرۆڤ ببێت بە خزمەتکاری دام و دەزگاکان، ئەم بەختەوەرییەی پێشبینی دەکرێت سبەینێ بێت، پەستی و بێزاری ئەمرۆ ناڕەوێنێتەوە، هەر فکرێک ڕاوەستاو و سەقامگیر بوو بۆگەن دەبێت"** (kurlansy,2004,p48) . ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو راستیەی کە بزوتنەوەی ئایاری 1968

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاوەن دروشم و خواستی خۆی بووە و بەرهەمی هزری قوتابیان و کرێکاران و چین و تویژە کۆمەلایەتیەکان بوو بەئاماجی ورژاندنی خۆپیشاندەران و رەخنەگرتن لەدەستەلات و رەتکردنەوەی نەریتە کۆمەلایەتیە باوەکان هەلواسرابوو .

## تەوەرەی چوارەم :دەرئەنجامی رووداوەکان :

ئەم بزوتنەوەیە هەرچەندە بە زەبری هێز لەلایەن حکومەت کەم کرایەوە، بەڵام چەندین دەرئەنجامی گرنگی لەدوای خۆی بەجێهێشت، لەبواری سیاسی شارل دیگۆل بریاری ئەنجامدانی هەلبژاردنی دەرکرد کە لەدوو ئەنجومەن پێك دەهات ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نیشتمانی تا بەو هۆیەوە گەلی فەرەنسی جارێکی دیکە ژمارەیەك نوێنەری دیکە بنێرێتە ئەنجومەنی نوێنەران ، ئەندام پەرلەمانەکان بە رایکردنی یاسا هەولی جێەجیکردنی خواستەکانی قوتابیان و کریکاران و ئەوانی دیکە بکەن( کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٤٢)

لەبواری پەروەردە بریاردرا چەند گۆڕانکارییەك لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا ، بەتایبەت زانکۆی سۆربۆن بکرێت ، پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکاری گۆڕی( سالح، ٢٠٠٥، ل 107). چەندین ئاقار گەلی نوێی فیکری پەیدابوون، وەک ئاقارگەلی بوونیادگەریی (ڕۆلان بارت)، کۆنترۆڵی کایەی ئەدەبی لەبواری فەلسەفە دا (میشێل فۆکۆ)، لە پلەی ئەم گۆڕانکاریانەدا ئەستێرەی بەختی (ژان پول سارتەر) لە کزی دا( کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٤٣).

گۆڕانکاری گەورەی لەبواری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی فەرەنسی دروستکرد، مومارەسەی کۆمەڵایەتییە دێرینەکانی گۆڕی چەندان پەیوەندی کۆمەڵایەتی خستە ژێر پرسیارەوە، وەک پیاو و ژن و نیشتەجێ بوون و خاک و نەخۆش و دکتۆر و....هتد( شێخ،٢٠٠٢،ل ١٥٣)،ئەم خۆپیشاندانەکان بوونە هۆکارێک کەوا ئازادییەکی زۆر بۆ ژن بەدەست بهێنرێت، کەوا ڕێگەی لەبەردەم تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ئیتیکی نوێوە لە بارەی مێ دروستکرد، بەهۆی ئەم شۆڕشەوە ئافرەت هەستی بەبوونی خۆی کرد( حەمە، ٢٠١١، ل ٢١١) ئازادی ئەوەی وەرگرت کەوا منداڵ لەبار خۆی بەرێت، و مافی بریاردان لەسەر شوو کردن یان جیابوونەوە ی وەرگرت( کۆمەلێک نووسەر، ٢٠١٠،ل٤٥).

لەبارەی خواستەکانی کرێکارانیش حکومەت بریاری دا بە زیادکردنی کرێی کاری کرێکاران لەسەر بنەمای رێژەی موچەکانیان ، زیادکردنی ( 25% )بۆئەو کرێکارانەی کەمترین موچە وەردەگرن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها زیاد کردنی ( 10% )بۆکرێکارانی ئاسایی هەروەها خەرجکردنی نیو موچە بۆ ئەو کرێکارانەی بەهۆی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان بۆکارکردن نەچووبونە کارگەکان (کرۆنۆلۆژیای رووداوەکانی 1968 ،2016،ل 28)، بەم شێوەیە خۆپیشاندەکان بێ دەستکەوت کۆتایی پێ نەهات.

## ئەنجام :

1-لە سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بە هۆی لێکەوتەکانی شەڕی سارد و پێشکەوتنی بزاڤی رزگاری خوازی میللەتان هەروەها بەرزوونوەی ئاستی هۆشیاری ژمارەیەك دەنگی نارەزایی لە زۆربەی ولاتان بەتاییەت ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا سەرهەڵدا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان قوتابیانیش رۆلی بەرچاویان هەبوو لە رێکخستنی خۆپیشاندانەکان، بێگومان ئەم رووداوانە رەنگدانەوەی لەسەر فەرەنساش هەبووە

2- دەنگی نارەزایی لە زانکۆی پاریس سەریهەڵدا بەهۆی ئەوجیاوازییە چینایەتیەی لەئارادبوو کە رەنگدانەوەی لەسەر سیستەمی پەروەردە هەبوو قوتابیان نەیاندەتوانی تەواوی قۆناغەکانی خوێندن تەواوبکەن هەلی دامەزراندنیان بۆ نەدەرەخسا ئەمەش رەنگدانەوە نەرێنی لەسەر ژیانی ئابووری قوتابیەکان و خانەوادەکانیان دروستکردبوو .

3-لە خۆپیشاندانەکان قوتابیان و کرێکاران و چەندین توێژی جۆراوجۆر بە داواکاری جیاوازەو بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کرد ، دروستە گەر بڵێین سەرەتای رووداوەکان لە سەردەستی قوتابیانی زانکۆ دەستی پێکرد بەلام ناکرێت تەنیا بە شۆرشی قوتابیان یان خوێندکاران ناوی ببەین.

4- خۆپیشاندانەکان نزیکەی شەش هەفتەی خایاند لەو ماوەیە زۆربەی زانکۆکان و کارگەکان لە چالاکیەکانیان وەستاند هەرچەندە حکومەت بەبەکارهێنانی هێزا توانویەتی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێت و بەلام بەم هەوڵویستەشیان ڕەنگدانەوەیان لەسەر تەواوی لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری دروستکرد.

5-خۆپیشاندەران وێنەیەکی جوانی خەباتی مەدەنیان نیشاندا، توانیان حکومەت ناچار بکەن پێداچوونەوە بە سیستەمی پەروەردە، رەوشی قوتابخانەو و زانکۆکان بکات هەروەها بژێوی کریکاران و هەلسوکەوتی خاوەن کارگەکان لەگەل کرێکاران بەجۆرێکی باشتر رێکبخات لەبەرئەوە

هەندێ لە توێژەران فەرەنسای پێش رووداوەکانی ساڵی 1968 لەگەل فەرنسای دوای رووداوەکان بە دوو قۆناغی جیا سەیر دەکەن .

6-هەلبژارنە پەرلەمانیەکەی کە بریاری لەسەردرا لە بنەڕەتەوە بیانوبوو بۆ سود وەرگرتن بوو لەکات و کپ کردنی دەنگی نارەزایی شەقامەکان بوو ، خۆپیشاندەرانیش ئەم راستیەیان دەزانی کە بەلێنی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی چاکسازی چارەسەر نیە ، لەبەرئەوەی پارتی کۆمۆنستی فەرنسی دەیویست لە دەستەلات بەشداربێت و هەرلەکاتی خۆپیشاندانەکانیش لەدژی خواستەکانی خۆپیشاندەران بوو.

7-روناکبیرانی قوتابخانەی ( فرانکفۆرت) رۆشنبیران و هونەرمەندان بە هەموو جۆرەکانیان رۆلی کارایان هەبوو لە ورژاندنی پرسەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە کاتی خۆپیشاندەکانیش گروتنینی خۆپیشاندەنەکانیان زیاتر کرد.

8-دەکرێت بە سەرنج دان دروشمەکانی خۆپیشاندەران خوێندنەوەی تازەمان هەبێت ، بەشێك لە دروشمەکان هەر لە کۆمەڵگای فەرنسا قەتیس نەبووە بەڵکو ئاویتەی کەلتورە جۆراوجۆرەکان بوون بۆ نمونە وتەی ( ماف نادرێ بەڵکو دەسەندرێ ) لە زۆربەی کۆمەلگاکان بۆتە دروشمی کۆلنەدانی تاك بۆ گەیشتن بەمافەکانی بەتایبەت ئەوانەی هەست دەکەن مافیان پێشێل کراوە .

---

پەراوێزەکان :

(1) شارل دیگۆڵ لە ٢٢تشرینی دووە م ١٨٩٠لە شار ی لیل لە دایک بووە ،لە ساڵی ١٩١٢ کردوە لە قوتابخانەی (سانسیر)ی سەربازی تەواوکردووە ،دوای ئەوەی دەچێتە رێزی سوپا ، لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی وەك سەرکردەیەکی دیار ناوبانگ پەیدا دەکات ،لە ساڵی ١٩٤٤ دە بێتە سەرۆکی حکومەتی کاتی فەرەنسا،یەکەمین سەرۆک کۆماری پێنجەمی فەرەنسایە ،لە ٩تشرینی دووەمی ١٩٧٠ لەتەمەنی ٧٩ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە(دیغول ،2008،ص14-20).

(2) فیدڵ کاسترۆ لە ١٣ئابی ١٩٢٦زلە دایک بوە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە لە کۆلیژی ماف زانکۆی هاڤانا وەرگیراوە،لەوێ تیکەڵ بەسیاسەت دەبێت، دوای تەواوکردنی خوێندنی لە ساڵی ١٩٥٠ بروانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لەماف وزانستە کۆمە لآیەتیەکان ،کاسترۆلە سالی 1953 وەك سەرکردەیەکی بزافی رزگاری خوازی کوبا ناوبانگی دەرکرد و لەسالی 1959 توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت( ئێدڵرایس٢٠١٠،ل٥٥- ٦٤).

(3) ئە رنستۆچی گیڤارا لە ١٤یۆنیۆی١٩٢٨لە ئە رجە نتین لە دایک بوە .لە ساڵی ١٩٥٣زلە زانکۆی بونس ئایرس کۆلێژی پزیشکی تە واوکردوە ،وە کاریگەربووە بە بیروڕاکانی مارکس وماوتسی تۆنگ،لە کاتی شۆرشی کوبادا رۆڵی سەرەکی هەبووە ،لە ساڵی ١٩٦٥ سەفەری کردوە بۆ ولاتی کۆنگۆ تاکو شۆرش دژی حکومەتی ئەو وڵاتە بکات.دواتر دێتە ولاتی پۆلیڤیا لە ٩ئۆکتۆبەری ١٩٦٧دە کوژرێت (غیفارا،2003،ص 15-21).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(4) لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بەتایبەتی لەساڵی 1947 زۆربە روونی دوو جەمسەری سەرەکی لە جیهان دەرکەوتن ، بلۆکی رۆژئاوا کە لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رابەرایەتی دەکرا و بلۆکی رۆژهەلات لەلایەن یەکیتی سۆڤیەت سەرپەرشتی دەکرا ، جیاوازییەکی زۆریان لە رووی سیستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و پەیوەندییە نێو دەولەتیەکان هەبوو ،سیستەمی دوو جەمسەری شوێنی سیستەمی فرە جەمسەری گرتەوە ، ناکۆکیەکانی نێوان ئەم دوو جەمسەر زۆر توند بووە کە لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندن و پرۆوپاگەندەو سیخوری و ململانێی ئابووری و بەستنی هاوپەیمانی بوو نەك رووبەرووبونەوەی سەربازی ( حسین ، 2012،ل 181)

(5) مارتن لۆتەر کینگ لە ساڵی 1929 لە ئەتلانتا(جۆرجیا) لە دایك بووە ، قەشەیەکی ئاینی مەسیحی بووە ، هەرلەسەرتای تەمەنیەوە هەولیداوە بۆ کەمکردنەوە نەهێشتنی جیاوازییە رەگەزییەکانی نیوان رەش پیستەکان و سپی پیستەکانی ئەمریکا ، یەکەم رەش پێستە لەسالی 1962 لە زانکۆی میسسپی وەرگیراوە ، لەساڵی 1964 خەلای نۆبلی بۆ ئاشتی وەرگرتووە ، سەرپەشتی چەندین خۆپیشاندان و مانگرتنی رەش پێستەکانی کردووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان لەساڵی 1968 تیرۆرکرا ( کۆمەلێك نووسەر ، 2013، ل 23-26) .

(6) قوتابخانەی فرانکفۆرت :شوباتی ١٩٢٣ لە ئەلمانیا لە شاری فرانکفۆرت لە ژێر ناونیشانی پەیمانگای توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان چالاکی خۆی دەست پێکرد، لە حوزەیرانی ١٩٢٤ وەک بازنەیەکی هزریی یان بزووتنەوەیکی پێشەنگ بەفەرمی کرایەوە ، ئەم پەیمانگایە سەر بە زانکۆی فرانکفۆرت بووە ( دیاب، ٢٠١١، ل١٨٧؛ ئەحمەد ،٢٠١٠، ل ٣٣٩) دوای ئەوەی نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەم قوتابخانەیە چوونە سویسرا(عەزیز ،٢٠٠٩، ل ٣٠٦ دوای بارەگاکەی چەند جارێك گواستراوەتەوە ، لە ساڵی ١٩٦٠ هەڵوەشاوەتەوە ( دیاب ، ٢٠١٢،ل١٨٩).

(7) هێربێرت مارکیوز لە سالی ١٨٩٨ لە خێزانێکی جولەکە لە بەرلین لە دایک بووە( یاسین، ١٩٩٦، ل٨٧) ، خوێندنی سەرەتایی و زانکۆ لەم شارە تەواو کردووە( سەلاحی ،٢٠٠٨، ل ١٦٠) ماوەی سێ ساڵ قوتابی (ئەدمۆند هۆسرێل مارتن هایدگەر) بووە لە فرایبۆرگ( زەکەریا، ٢٠١٠، ل ٢٩) ، لە ساڵی ١٩٢٠ لە زانکۆی (فرایبۆرگ) بروانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە ( خەلیلی ،سەردەم " گۆڤار " ژ(٢) ، ٢٠٠٩، ل ٥٠؛ جویل، ئایدیا" گۆڤار "ژ(٣٠)، ٢٠١١،ل ٢٨ ) لە ساڵی ١٩٥٤ بۆتە پرۆفیسۆر و کتێبی (مرۆڤی تاک ڕەهەند) لە بەناوبانگترین بەرهە مەکانیەتی( یاسین ، سەنتەری برایەتی " گۆڤار "ژ(١٠)، ل187) ، لە ساڵی ١٩٧١ بەنەخۆشی کۆچی دوایکردووە ( قادر ، کۆمەلناس" گۆڤار"ژ٠(٩)، ٢٠١٢،ل١٢٤).

(8) یورگن هابرماس لەسالی ١٩٢٩ لە شاری (دۆسلدۆرف )پایتەختی ویلایەتی باکووری راین ویستڤالیای ئێستا لە خانەوادەیەکی بازرگان دایک بووە ، ( حەوێزی ، ٢٠١١، ل١٣) لە تافی لاویەتی دا بوو کاتێک جەنگی دووەمی جیهانی سەریهەڵدا کاریگەریەکی زۆری لەسەری هەبووە( ریترز، سەردەم "گۆڤار" ژ( ٤٢)، ٢٠٠٥، ل ١٣٠؛ پۆلادی، ٢٠٠٧،ل٥٧). لە ساڵی ١٩٥٤ دکتۆرای بەدەستهێنا وەدواتر بووەتە ماموستای فەلسەفەو بەرێوەبەری پەیمانگای کماکس بلانک لە ستراسبۆرگ( لیتشە، ٢٠١٢،ل ٤١١) لە نێوان ساڵانی (١٩٧١_١٩٨١) سەرۆکایەتی ئەنستیۆتی ماکس بلانک بووە ، ( سەلاحی ،٢٠٠٨، ل١٧١) دوای ئەوەی خانەنشین ئەبێت لە فرانکفۆرت لە ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام کارو بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە (

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەوێزی ، ٢٠١١، ل١٣)، گرنگترین بەرهەماکانی بریتین لە مەعریفەو خواستە مرۆیەکان ١٩٦٨،قەیرانی شەرعی بوون ١٩٧٢،بیردۆزی کردەی پەیوەندی ١٩٨١.( سەلاحی ،٢٠٠٨، ل١٦٠).

(9) ژان پۆل چارلس ئەی مارد سارتەر ، لەساڵی (١٩٠٥)لە شاری پاریس لە دایک بووە،باوکی ئەفسەری ئاسمانی بووە، ( کمال، ٢٠٠٢،ل١١) دوای ئەوە باوکی کۆچی دوای دەکات ، ناوبراو لەژێر سەرپەرشتی باپیری دا گەورە دەبێت ( ستراتێرن، ٢٠٠٢، ل١٠)، سارتەر لە ناو کتێب و ژینگەیەکی بورژوازی گەورە بووە ( سارتەر ، ٢٠٠٩، ل٩-١٠)، لەساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستهێناوە ( کمال، ٢٠٠٢،ل٢٠) ، لە ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێدەدرێت ،بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی وەرینەگرتووە( سارتەر ، ٢٠١١، ل١١) لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە، ( سارتەر ، ٢٠١١، ل٩١)مرۆڤی ستەمکار ، تارمایی ستالین ، هەڵوێستەکان کە(6) بەرگە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانیەتی ( کەمال ، ٢٠٠٧، ل١٢-١٥).

## لیستی سەرچاوەکان:

1-سە رچاوەکان بەزمانی کوردی:

1. ئەحمەد ، سامان حسێن (2012) زلهێزەکان لە جە نگی یەکەمی جیهانییەوە تا کوکۆتایی جەنگی سارد، ، چاپخانەی موکریان، هەولێر .
2. ئەل-شێخ،محمد( 2002) روناکبیرو دەسە ڵات، وە رگێرانی ئاوات ئە حمە د، ،چاپخانەی داناز،سلێمانی.
3. ئەنوە ر، کەیوان ئازاد ( 2011)شۆرشی گە لان ،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.
4. پۆل ستراتێرن (٢٠٠٢ )سارتەر سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
5. پۆڵادی ، دکتۆر کە مال( 2007) ، مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە رۆژئاوادا،وەرگێرانی مەهدی خوندل، بەرگی سێ یەم ، چاپخانەی منارە، هەولێر.
6. تەلعەت ، رابەر( 2006)، گەنج وبەژداری سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر .
7. چارلز تیلی( 2012) بزووتنە وەکۆمە ڵایە تیەکان(١٧٦٨-٢٠٠٤)وە رگێرانی حمە رە شید، ،چاپخانەی ،سە ردەم،سلێمانی.
8. چیا محمد (٢٠٠٦ ) ،فەرهە نگی فە لسە فی،چاپی سێ یە م،چاپخانەی مە هارت،تاران.
9. چەندنووسەرێک( 2011)چەندتێکستێکی وە رگێراو، وە رگێرانی رێبین هەردی،چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان،سلێمانی.
10. حمە ، ئازاد( 2011) هزری بزوتنە وە ی ئایاری١٩٦٨لە پاریس، چاپی یەکەم،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11. حه وێزی ،به هزاد(٢٠١١) هابرماس گوتاری رەخنه یی له بیروفه لسه فەدا، چاپخانەی رۆشنبیری، هه ولێر.
12. رایس ، ئیرل (2010) شۆرشی کوبا، وەرگێرانی هەژار رەحیمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
13. زه که ریا، د.فواد( 2010) ، هێربرت مارکیوز، وه رگێرانی دیدار ئه بوزێد، چاپخانەی موکریانی، هه ولێر.
14. سارتەر ، ژان پۆل( 2009) ، ئەدەب چی یه، وەرگێرانی مستەفا غەفور، چاپخانەی خانی، دهۆک.
15. سارتەر ، ژان پۆل( 2011) بوون و نەبوون، وەرگێرانی،دکتۆر محمدکەمال، ،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.
16. ساڵح هاشم (2005) فه یله سوفی هۆڵی هه شته م، وه رگێرانی هه ڵکه وت عبد الله ، چاپخانەی سه ردەم، سلێمانی.
17. سه لاحی ،مه له ک یه حیا( 2008) ، هزره سیاسیه کانی رۆژئاوا له سه ده ی بیسته مدا،
18. وه رگێرانی هیوامجید، چاپخانەی خانی،دهوک.
19. عزیز،حمید(2009)، بنه ره ته کانی فه لسه فه ی کۆمه ڵایه تی، ،چاپخانەی خانی، دهوک.
20. کاڵوەرت ،پیتەر (2010) ، شۆرش ودژه شۆرش، وه رگێران، ره حمان ئه میری، چاپخانه ،خانی،دهۆک.
21. -کریب ، ئیبان (2008) تیۆری کۆمه ڵایه تی له پارسۆنزەوە تا هابرماس، وه رگێرانی رێبین رەسول اسماعیل، چاپخانەی ڕوون، بێ شوینی چاپ.
22. کرۆنۆژیی ڕووداوەکان له فەرنساو جیهان 1968 ، ( 2016) له بلاوکراوەکانی کۆمەله نامەیلکەی ژماره (1) چاپخانەی لاس ، سلێمانی
23. کۆمه ڵێک نوسه ر( 2006)فه لسه فه میتۆد کۆمه ڵناسی ئه دەبیات، وه رگێرانی هادی محمدی، چاپخانەی شڤان،سلێمانی.
24. کۆمه ڵێک نووسەر(2010)شۆرشی خوێندکارانی٦٨،وه رگێرانی،شوان ئەحمەد ،چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
25. کۆمەڵێک نوسەر( 2013)، مارتن لۆتەر کینگ، وەرگێرانی ئەحمەد تاقانه، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
26. کەمال ،دکتۆرمحمد(2002) فەلسەفەی سارتەر، چاپی دووەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی.
27. کەمال ،دکتۆرمحمد(2007)هایدگەرو شۆرشێکی فەلسەفی، ، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

28. گید ێنز، ئە نتۆنی( ٢٠٠٥)،شۆرش وبزوتنە وە کۆمە ڵایە تیە کان،وەرگێرانی هیواحاجی ، ،چاپخانەی وەزارەتی پەروە ردە،هەولێر.
29. لیتشە ،جۆن ( 2012)پەنجا فەیلەسوف وبیرمەندی هاوچەرخ لەبونیادگەرەوە بۆ مۆدێرنیزم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

2- سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

1. الموند , جارل اية , ،جى بنجهام باويل( ١٩٩٨ ) ا لسياسات المقارنه فى وقتنا الحاضر ، ترجمة ، هشام عبدالله ،عمان.
2. رونالد سترومبيرج: تاريخ الفكر الاوربى الحديث ١٦٠١-١٩٧٧ ، ت : احمد الشيبانى ، دار القارآ العربى ، ط3 ، القاهره ، ١٩٩٤.
3. -غيفارا، ارنستوتشى ،(2003) يوميات دراجه الناريه -رحلة فى امركا اللاتينية،ترجمة:صلاح صلاح ،دون مكان الطبع.
4. ديغول ، شارل ( 2008)مذكرات الامل ، ترجمة ،سموحي فوق العادة ، منشورات عويدات ، بيروت ،لبنان.

3- سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1. -Kurlansky,Mark(2004), 1968The year that rocked the World.
2. Joffrin, Laurent,(1998) Mai 68 .-
3. -Keith Reader,( 1993) The May 1968 Events in France: Reproductions and Interpretations. New York and London
4. -Seidman, Michael . M (2004) The imaginary revolution partisan Students and Workers in 1968 , Berghahn .
5. Hamilton, Richard. F(1968) . Alftuence and the French Worker in the Fourth Republic.

4- سەرچاوەکان بەزمانی فەرنسی :

1. -BAUER, Monique.(2018) Filles de mai: 68 mon Mai à moi mémoires de femmes. Nouvelle édition augmentée d’une postface. Lormont.
2. -BANTIGNY, Ludivine.( 2018) 1968: de grands soirs en petits matins. Paris
3. -BRILLANT, Bernard(2002). Les clercs de 68 : Paris : Presses universitaires de France, 2003

4. -Diaz, Charles (2017). Mémoires de police dans la tourmente de mai 68. Paris Textuel.
5. Lavabra M.C , Rey H. ( 1998) Les movement de 1968 Casterman . paris.
6. -Lefebvre, Henri(1998). L'irruption de Nanterre au sommet Paris.
7. Michelle ZANCARINI-FOURNEL(1995) événements, cultures politiques et modes de vie.
8. -Prost, Antoine(1988), Les grèves de mai-juin 1968.paris.
9. Rey,Marie Claire (1998) , Les mouvements de 1968. Paris.
10. -Sousa , João Sérgio de Pina Carvalh(1999) La crise de Mai 68 en France, Bragança.
11. -VIGNA, Xavier et VIGREUX(2010) Jean. Mai-juin 1968: huit semaines qui ébranlèrent la France. Dijon : Éditions universitaires de Dijon.

2- وتارو لێکۆلینەوە :

1. -بەرزنجی ، هیوا،( 2006) فه رەنساوخۆپیشاندانەکانی ئه م دوایه ی خوێندکاران، نۆڤین، "گۆڤار" ژمارە(٨)،سلێمانی.
2. -تەرابیشی ،جۆرج ( 2003)، شۆرشگێرێکی توندرەوبه بیرۆکه ی شۆرشدا ده چێته وەولێی پەشیمانە، سەردەم"گۆڤار" ژمارە(٢٧)،وەرگێران، رەووف بێگه رد،سلێمانی.
3. -جویل ،فلیمینگ ( 2012) ماکیوزەو فه یله سوفه که ی راپه رینی لاوان، ئایدیا"گۆڤار" ژمارە(٣٠)، وەرگێڕان، حمه ره شیدگوروون، ، سلێمانی .
4. -حه یده ری، ئیبراهیم ( 2008)فه لسه فه ی شۆرشی خویندکاران، سه رده م"گۆڤار" ژمارە(٥٥)، وەرگێرانی شوان ئەحمەد،سلێمانی.
5. خەلیلی عبدلره سول(1999) هێربرت مارکیوزوقوتابخانه ی فرانکفۆرت، سه رده م،"گۆڤار" ژمارە(٢)،وەرگێڕان، ئارام جه مال، سلێمانی.
6. -دیاب ،دکتۆر محمدحافز ( 2011) تیۆری ره خنه یی قوتابخانه ی فرانکفۆرت، کۆمه ڵناسی، "گۆڤار" ژمارە(٧)، وەرگێران، هاوارمحمد، هه لێر.
7. -ریترز ، جۆرج ( 2005) کوتەیه ک له ژیاننامه ی یۆرگن هابرماس، سه رده م"گۆڤار" ژمارە(٤٤)،وەرگێڕان،کۆسارفەتاحی، سلێمانی .
8. -قادر ئارام (2012) ده رباره ی هێربرت مارکیوز، کۆمه ڵناسی"گۆڤار" ژمارە(٩)،هه ولێر.
9. -گه ن،ئیبیان (٢٠٠٣) مایسی٦٨مانگی شۆرش له فەرەنسا، سەردەم" گۆڤار"ژمارە(٢٧)،سلێمانی.

10.-یاسین، عوسمان (1996) ، كە سایە تی وریابازە فكریە كانی هێربرت ماركیوز، سە نتە ری برایەتی"گۆڤار" ژمارە (١٠)، هەولێر.

---

## The events of France in the year 1968

**Fatah Bahram Khdir**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
fatah.khdir@su.edu.krd

***Keywords:*** *France, Demonstration, Slogan, Student, Worker*

## Abstract
The events of 1968 form an important part of French history, It is to present a different picture of civil struggle for the achievement of a number of political, economic and social goals The events began with demonstrations by students at the University of Paris, and after spreading to other classes such as workers and women joined the demonstrators They had their own demands and the common interest brought them all to the streets, There were a number of internal and external factors that motivated the demonstrators. In several other discussions, several other parties such as the situation of the government, the slogans of the demonstrators, which is why we can read the situation in France at the time, events are a living example to discuss the role of the university in political, economic and social issues.

## احداث فرنسا فى السنه 1968

## الملخص
تشكل أحداث سنه 1968 جزءًا مهمًا من تاريخ فرنسا، تعبير عبر موقف للنضال المدني من أجل تحقيق مجموعةمن الأهداف السياسية والاقتصادية والاجتماعية، بدأت الفعاليات الاحداث بمظاهرة قام بها طلاب جامعة باريس، وبعد الانتشار وتطوره انضمت فئات أخرى مثل العمال والنساء إلى صفوف المتظاهرين، كان لديهم مطالب الخاصة وقداجتمعت المصلحة المشتركة جميعهم و دفعتهم النزول إلى الشوارع وكانت مجموعة من العوامل الداخلية والخارجية دفعت المتظاهرين لقيام بتلك الفعاليات التي عرضت من خلال هذا البحث ، قام الباحث فى محاور اخرى بدراسة بعض جوانب أخرى مثل واقع الأحداث وموقف الحكومة ، وشعارات المتظاهرين ، وبواسطتها يمكن قراءة الوضع في فرنسا آنذاك ، فالأحداث مثل حي للحديث عن دور جامعات في المسائل أو القضايا السياسية والاقتصادية والاجتماعية.